# ئەو دەرگایە مەکەرەوە  پیری لەو دیو قلْخەی دێت

**بەختیار کەریم**

**ئاوڕ لە باخچە مەدەنەوە**
**بێهودەیە نیگاکردنی غونچە**
**کە گوڵ بەر لە تەماشا دەمرێت**
**تەقول باب لە دەرگاکان مەدەن**
**کە کرانەوە و نەکرانەوەی دەرگاکان یەکسانن**
**ئەمدیو و ئەودیوی دەرگا بەتاڵیە**
**ئەودیو و ئەمدیوی دەرگا تەنهاییە**
***        *        *        *        ***
**تەنهایی لەمدیو دەرگاکەوە دامدەکرۆژێت**
**تۆش پێم دەڵێت ئەو دەرگایە مەکەرەوە!**
**پیری لەودیو قلْخەی دێت**
**گوڵ بە هاوڕێیەتی ئەم باخچەیە دەژاکێت**
**تۆش پێم دەڵێیت با لەم غەریبستانە ببینە باغەوان و**
**گوڵ بدەین لە یەخەی موسافیرە گومڕاکان**
**ئەم کتێبە پیرۆزە پڕە لە ڕیا**
**تۆش پێم دەڵێیت با بە کەناری ئەزبەر بکەین**
**تۆ پێم دەڵێیت فیردەوس تەنها درۆی نێوان دێر و**
**فریوی ڕاڤەکردنی عاریفە بێهودەکانە**
**کەسێک یا شتێک نیە لە ڕەگەزی خودا**
**ئەم کۆنوێژە بەتاڵەمان بۆ حیساب بکات**
**(دەی کەوایە سەلام بدەرەوە)!**
**کە ئێمە هەموو ڕۆژێکمان قامی قیامەت بێت**
**بۆ سڵ لە ڕووتبوونەوە بکەین کە قیامەت نابێت!**
***        *        *        *        ***
**بستێک دووان لەم کانیە دووركەویتەوە**
**تینوویتی وەک  مۆتەکە دەتخنکێنێت**
**هەر ئەوەندە پێت خستە ئەودیو خشتە مەرمەڕەکانی ئەم باغە**
**بۆنی گوڵ وەک بەرامەی ژەهر لە گەردنت دەئاڵێت**
**هەر کە وەنەوزێک دووان خەو بردیتیەوە**

**کابوسی هۆشیاری ماڵوێرانت دەکات**

* * * * *

**مەلە لەم دەریا ڕوونەدا مەکە**
**ئەڵێی چاوی قرژاڵە و نیگای بۆ نێچیر لە بۆسەدایە**
**ئاوی دەریاکان یەک ئاو دەبوون**
**گەر خنکانی هەمەڕەنگی نەورەس نەبوایە**
**ئاوی دەریاکان وەک یەک تینوو دەبوون**
**گەر ماسیەکان لێویان تەڕ نەکردنایە**

* * * * *

**گەر دەتەوێت لە حوزنی ئاو تێبگەیت لە من بپرسە**
**من ساڵانێک لە کۆنسێرتی پیانۆی ئاودا تەنها گوێگر بووم**
**سەردانی یەک بە یەکی مۆزەخانەکانی ئاوم کردوە و**
**لەگەڵ دوا تابلۆی تەڕیدا پەیڤیوم**
**گەر دەتەوێت شیعری ئاو بخوێنیتەوە**
**ببە هاوڕیی خنکانم، ئەو هەموو قەسیدەکانی دەریای ئەزبەرە**
**من ڕۆژگارێک قاسیدی چەم، پەیامبەری باران و ئەڤینداری دەریا بووم**
**بۆ عەشقی دەریا لەمن بپرسە**
**ئەی گوڵێک لەو نەورەسانە تینووتر**
**کە فڕینیان کردوە بە گاڵتەی مناڵان و نانیشنەوە**
**بۆ مێژووی خنکانی ئاو لە من بپرسە**
**من تۆماری گشت هەناسەکانی دەریام کردوە**
**ڕۆژانێک من شاخوێندەواری دەریا بووم و**
**ئەویش تاکە قەڵەمڕەوی من**
**من مایسترۆی پۆلە نەورەسەکان بووم**
**کە لایلایەیان بۆ دەریا دەگووت تا دەریا خەو دەیبردەوە**
**(پێت سەیر نەبێت ئاویش دەنووێت، بگرە زۆر خەوخۆشیشە!)**
**بەڵێ ئەی گوڵێک لە تشرین وەڕس**
**من بەیانیانێک ڕاڤەی خەونەکانی دەریام دەکرد**
**(دەزانیت؟ دەریاش شەیتانی دەبێت!)**

**ئەو دەرگایە بۆ نەکەمەوە؟**
**ئەم خەونە تەڕانەی دەریا وشکترمدەکەنەوە**
**(پێم گووتیت ئەو دەرگایە مەکەوە پیری لەو دیو قڵخەی دێت)**

**ئاخر بێ نەورەسە سترانبێژەکان من دەریام بۆ ناخەوێنرێت**
**ئەم ژووره لێوان لێوە لە دەریای بێدار**

**نە ئەم دەرگایە نە ئەو دەرگایە مەکەوە پیریی لەو دیو قلّخەی دێت!**

**تشرینی** 2000
**ئۆکسفۆرد**